


## له‌ماوه‌ی مانگی رابردوودا ١٧٧ گومانلێكراو ده‌ستگیركراون

**هاولاتی، پ.كه‌ركوك:** هێزه‌ فره‌ڕه‌گه‌زه‌كان رایانگه‌یاند كه‌ له‌سه‌ره‌تای مانگی یه‌كه‌وه‌ تاوه‌كو ئێستا، ١٧٧ گومانلێكراو ده‌ستگیركراون كه‌ ژماره‌یه‌كیان دانیان به‌ تۆمه‌ته‌كانیاندا ناوه‌.

له‌ به‌یاننامه‌یه‌كدا كه‌ ئاراسته‌ی راگه‌یاندنه‌كانی شاری كه‌ركوك كراوه‌، هێزه‌ فره‌ڕه‌گه‌زه‌كان هه‌واڵی گرتنی ١٧٧ گومانلێكراویان له‌نێوان سه‌ره‌تای مانگی یه‌كی ٢٠٠٥ه‌وه‌ تاوه‌كو ئێستا راگه‌یاندووه‌.

له‌به‌یاننامه‌كه‌دا ئاماژه‌ بۆ ئه‌وه‌كراوه‌ كه‌ له‌نێو گیراوه‌كاندا كه‌سانی سه‌ر به‌چه‌كدارانی ته‌وحیدو جیهادی تیادایه‌و ٢ چه‌كداریشیان به‌ تۆمه‌تی كوشتنی هاولاتییه‌ كورده‌كانی حه‌ویجه‌ ده‌ستگیركراون.

له‌په‌یوه‌ندییه‌كدا لیوا سه‌رحه‌د قادر به‌ **هاولاتی** راگه‌یاند كه‌ ئه‌وكه‌سانه‌ له‌ ٢٧ هه‌ڵمه‌تی هێزه‌كانی فره‌ڕه‌گه‌زو پۆلیسدا ده‌ستگیركراون. هه‌روه‌ها ئه‌وه‌شی روونكرده‌وه‌ كه‌ نزیكه‌ی ٧٠ كه‌س له‌ ناو كه‌ركوكدا ده‌ستگیركراوه‌و باقیه‌كه‌شی له‌ سنوره‌كانی حه‌ویجه‌و زاب‌و ریاز له‌لایه‌ن خودی ئه‌مه‌ریكییه‌كانه‌وه‌ گیراون.

پاشان له‌درێژه‌ی لێدوانه‌كه‌یدا، سه‌رحه‌د قادر تیشكی خسته‌ سه‌ر ئه‌وه‌ی كه‌ زوربه‌ی زانیارییه‌كان بۆ گرتنی ئه‌و كه‌سانه‌، به‌ته‌نسیق له‌نێوان ئه‌مه‌ریكییه‌كان‌و هێزه‌كانی پۆلیسی كه‌ركوك هاتۆته‌ ئه‌نجام.

لیوا سه‌رحه‌د وتی "پرۆسه‌ی ده‌ستگیركردنی چه‌كداره‌ تیرۆریسته‌كان له‌شاری كه‌ركوك درێژه‌ی ده‌بێت تاوه‌كو به‌ته‌واوی بنبڕ ده‌كرێن".

## ٦٠ به‌ڵێنده‌ر هه‌ڕه‌شه‌ی پرۆژه‌ وه‌ستان ده‌كه‌ن

**سلێمانی، پ. هاولاتی:** زیاتر له‌٦٠ به‌ڵێنده‌ری سنووری ئیداره‌ی سلێمانی، داوای قه‌ره‌بووكردنه‌وه‌ی زیانه‌كانیان‌و هه‌ڕه‌شه‌ی وه‌ستاندنی پرۆژه‌كانی ئاوه‌دان كردنه‌وه‌ ده‌كه‌ن.

ئه‌م داواكاری‌و هه‌ڕه‌شه‌یه‌ له‌میانه‌ی كۆبوونه‌وه‌ی (یه‌كێتی به‌ڵێنده‌رانی كوردستان)دا هات كه‌ رۆژی (٢/٥) له‌سلێمانی گرێدراو تێیدا یاداشتنامه‌یه‌ك گه‌ڵاڵه‌ كرا كه‌ داوای قه‌ره‌بوو كردنه‌وه‌ی ئه‌و زه‌ره‌رو زیانانه‌ ده‌كات كه‌ ساڵانی ٢٠٠٣-٢٠٠٤ له‌به‌ڵێنده‌ران كه‌وتووه‌ به‌هۆی "بێ‌به‌رنامه‌یی حكومه‌ت‌و دابه‌ش كردنی ته‌نده‌ری ٧٤٥ پرۆژه‌وه‌ كه‌ سه‌رئه‌نجام گرانی نرخی كه‌ره‌سته‌و هێزی كارو چیمه‌نتۆی لێكه‌وتووه‌ته‌وه‌". له‌كۆتایی كۆبوونه‌وه‌كه‌شدا ٦٠ به‌ڵێنده‌ر ئیمزایان له‌سه‌ر یاداشتێك كرد كه‌ تیایدا هاتووه‌: "ئه‌گه‌ر له‌ماوه‌ی ١٠ رۆژی ئاینده‌دا، حكومه‌تی هه‌رێم (سلێمانی) وه‌ڵامی داواكارییه‌كانمان نه‌داته‌وه‌، ئه‌وا هه‌موومان پرۆژه‌كانمان ده‌وه‌ستێنین".

له‌مباره‌یه‌وه‌ سه‌رۆكی یه‌كێتی به‌ڵێنده‌ران (سوبحی حه‌یده‌ر) به‌ **هاولاتی** راگه‌یاند "داواكه‌مان ره‌وایه‌، له‌به‌رئه‌وه‌ی له‌هه‌ولێرو به‌غداش قه‌ره‌بووی به‌ڵێنده‌ر كراوه‌، به‌ڵام تا ئێستا حكومه‌تی ئێره‌ ئاماده‌ نییه‌ هه‌ر بشمان بینێت".

## خاوه‌نی بازاڕی ئاری له‌كه‌ركوك ده‌ڕفێنرێت

**هاولاتی.پ.كه‌ركوك:** خاوه‌نی بازاڕی ئاری كه‌یه‌كێكه‌ له‌ده‌وڵه‌مه‌نده‌كانی كه‌ركوك به‌ده‌ستی چه‌ند چه‌كدارێكی نه‌ناسراو ده‌ڕفێنرێت تاوه‌كو ئێستاش چاره‌نوسی نادیاره‌.

عه‌مید سه‌رحه‌د قادر به‌ڕێوه‌به‌ری قه‌زاو ناحیه‌كانی سه‌ربه‌پارێزگای كه‌ركوك له‌ لێدوانێكی تایبه‌ت به‌**هاولاتی**دا ڕفاندنی "نه‌جات محێدین"ی خاوه‌نی بازاڕی ئاری كه‌ ده‌كه‌وێته‌ سه‌ر شه‌قامی كۆماری ناوه‌ڕاستی شار ڕاگه‌یاند.

عه‌مید سه‌رحه‌د ده‌ڵێت له‌كاتێكدا كه‌ خاوه‌نی ئه‌و بازاڕه‌ یه‌كێك له‌ كارمه‌نده‌كانی ده‌گه‌یه‌نێته‌ ماڵه‌وه‌. له‌ ئه‌حمه‌د ئاغا چه‌ند كه‌سێكی نه‌ناسراو به‌ئۆتۆمبێلێكی جۆری ڤێكترا ده‌یڕفێنن‌و به‌ره‌و شوێنێكی نادیار ده‌یبه‌ن.

به‌ڕێوه‌به‌ری قه‌زاو ناحیه‌كان هێمای بۆ ئه‌وه‌ كرد كه‌ تاوه‌كو ئێستا هیچ كه‌سێك هۆكاری ڕفاندنه‌كه‌ی به‌ خێزانه‌كه‌ی ڕانه‌گه‌یاندووه‌ ڕووداوو كرداری ڕفاندنه‌كه‌ش له‌ كاتژمێر هه‌شتی شه‌وی ٢/٦ ئه‌نجامدراوه‌.ڕفێنراوه‌كه‌ خاوه‌نی پێنج منداڵه‌.

## له‌ موسڵ: كوشتنی كورد به‌رده‌وامه‌

**دهۆك، پ.هاولاتی:** له‌گه‌ڕه‌كی (زهور)ی موسل، نیوه‌روی رۆژی دوو شه‌ممه‌ كومه‌ڵێك چه‌كدار رێگه‌یان له‌ ئوتومبێلی هاولاتی‌كورد (محه‌مه‌د عه‌لی میرخان زێباری) گرت‌و ده‌ست به‌جێ ده‌ست رێژییان لێكرد. ئوتومبیله‌كه‌شیان دزی كه‌ له‌ جۆری (ئوپڵ) بوو. هه‌ر هه‌مان گروپ، له‌ كاتی دابه‌شكردنی موچه‌ی پولیسه‌كاندا له‌نه‌خۆشخانه‌ی گشتی موسڵ هێرشیان كرده‌ سه‌ر ئه‌و پۆلیسانه‌ی ریزیان گرتبوو بۆ وه‌رگرتنی مووچه‌. له‌ ئه‌نجامدا (١٢)پولیس كوژران وده‌یانی تر بریندار بوون.

سه‌رچاوه‌یه‌ك له‌ گاردی نیشتمانی عێراق به‌ **هاولاتی** راگه‌یاند كه‌ "بۆ ماوه‌ی هه‌فته‌یه‌كه‌ كاری تیرۆریستی له‌ ناو موسڵدا ڕووی له‌ كه‌م بوونه‌وه‌یه‌، پاش ده‌ستگیركردنی نزیكه‌ی (٦٠) تیرۆریست‌و ده‌ستگیركردنی یه‌كێك له‌ سه‌ركرده‌كانیان كه‌ ناوی (مه‌هدی سه‌فاح)ه‌ له‌ ناوچه‌ی (حمیره‌)ی موسڵ.

## بزاڤی ژیان رێكخراوه‌كه‌ی ته‌جمید ده‌كات

**هه‌ولێر، پ.هاولاتی:** رێكخراوی (بزاڤی ژیان) له‌راگه‌یاندنێكدا (سڕبوون)ی خۆی راده‌گه‌یه‌نێت‌و لایه‌نه‌ حیزبی‌و ده‌سه‌ڵاتداره‌كانیش تۆمه‌تبار ده‌كات به‌بێ ده‌نگ بوون به‌رامبه‌ر سه‌ركوتكارییه‌ ماددی‌و مه‌عنه‌وییه‌كانی سه‌ر رێكخراوه‌كه‌.

رێكخراوی (بزاڤی ژیان بۆ رووناكبیری‌و چاكسازی كۆمه‌ڵایه‌تی)، دوو ساڵ پێش ئێستا وه‌ك "رێكخراوێكی سه‌ربه‌خۆی مه‌ده‌نی دیموكراسی" دامه‌زراوه‌و رۆژی (١/٢٦) له‌ڕاگه‌یاندنێكدا سڕبوونی رێكخراوه‌كه‌و بلۆك كردنی چالاكییه‌كانی راگه‌یاند. هۆكاری ئه‌م سڕكردنه‌ش وه‌ك له‌راگه‌یاندنه‌كه‌دا هاتووه‌، ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ بۆ "ته‌نگ پێهه‌ڵچنینی ده‌سه‌ڵات‌و رێگرتن له‌چالاكییه‌كانی رێكخراوه‌كه‌".

بزاڤی ژیان كه‌ باره‌گای سه‌ره‌كیی له‌ هه‌ولێره‌، له‌به‌یاننامه‌كه‌یدا ئاماژه‌ بۆ ئه‌وه‌ ده‌كات كه‌ "بوونی هه‌ڕه‌شه‌ی كوشتن‌و توندوتیژی له‌سه‌رۆك‌و ئه‌ندامانی (بزاڤی ژیان) هه‌بووه‌"، به‌ڵام تا ئێستا لایه‌نه‌ په‌یوه‌ندیداره‌كان هیچ وه‌ڵامێكی ئه‌م راگه‌یاندنه‌یان بڵاونه‌كردووه‌ته‌وه‌.

## نارنجۆكێك فڕێ ده‌درێته‌ ماڵێكه‌وه‌

**هاولاتی، پ. كه‌ركوك:** له‌سنووری قه‌زای حه‌ویجه‌ كه‌سێكی نه‌ناسراو. نارنجۆكێك فڕێده‌داته‌ ناو ماڵی داده‌وه‌رێكه‌وه‌ له‌ ئه‌نجامدا زه‌ره‌رو زیان به‌ماڵه‌كه‌ی ده‌گات.

لیوا سه‌رحه‌د به‌ڕێوه‌به‌ری پۆلیسی قه‌زاو ناحیه‌كان به‌ **هاولاتی** راگه‌یاند كه‌ رۆژی ٢/٦ كه‌سێكی نه‌ناسراو نارنجۆكێكی فڕێداوه‌ته‌ ماڵی "عه‌لی شه‌بیب محه‌مه‌د" كه‌ پیشه‌كه‌ی داده‌وه‌ره‌ له‌ سنوری قه‌زای حه‌ویجه‌.

ناوبراو ئاماژه‌ی بۆ ئه‌وه‌ كرد كه‌ ئه‌م كاره‌ له‌ زنجیره‌ی ئه‌و هه‌ڕه‌شه‌ی كوشتنانه‌یه‌ كه‌ چه‌كداره‌ "تیرۆریسته‌كان" بۆ نائارامی ناوچه‌كه‌ ئه‌نجام ئه‌ده‌ن.

## سێ ته‌رم له‌كه‌ركوك ده‌دۆزرێنه‌وه‌

**هاولاتی، پ. كه‌ركوك:** له‌ماوه‌ی ئه‌م هه‌فته‌یه‌دا سێ ته‌رمی كوژراو له‌ناوشاری كه‌ركوك دۆزراوه‌ته‌وه‌ كه‌ ته‌نها یه‌كێكیان ناسراوه‌. دوێنێ پۆلیسی كه‌ركوك ته‌رمی دوو هاولاتیان له‌ "خاسه‌ی" كه‌ركوك دۆزییه‌وه‌، تاوه‌كو ئاماده‌كردنی ئه‌م هه‌واڵه‌ ته‌نها یه‌ك ته‌رمیان ناسراوه‌ته‌وه‌ كه‌ به‌پێی ره‌گه‌زنامه‌كه‌ی ناوی "وه‌سام مه‌حمود عه‌بدولڕه‌حمان"ه‌و ته‌مه‌نی ٢٥ ساڵه‌.

رۆژی ٢/٤یش به‌هه‌مان شێوه‌ ته‌رمێك له‌باشووری كه‌ركوك دۆزراوه‌ته‌وه‌. سه‌رچاوه‌یه‌ك له‌ پۆلیسی كه‌ركوك رایگه‌یاند كه‌ هه‌رسێكیان به‌فیشه‌ك كوژراون.

## سێ هاولاتی له‌كه‌ركوك ده‌خنكێن

**هاولاتی، پ. كه‌ركوك:** به‌هۆی باران بارینی زۆره‌وه‌ پردێك له‌نزیك دۆمیس ده‌رمێت‌و ده‌بێته‌ هۆی خنكاندنی ٣ هاولاتی.

له‌كاتێكدا هاولاتیان له‌سه‌ر پردی دۆمیس هاتوچۆ ده‌كه‌ن بارانێكی زۆر ئاستی ئاوه‌كه‌ به‌رزده‌كاته‌وه‌ ده‌بێته‌ هۆی رمانی پرده‌كه‌و سێ هاولاتی به‌و رێگایه‌دا هاتووچۆ ده‌كه‌ن ده‌كه‌ونه‌ ناو ئاوه‌كه‌وه‌و ده‌خنكێن.

پۆلیسی كه‌ركوك رایگه‌یاند كه‌ دوان له‌ خنكاوه‌كان برابوون‌و له‌وكاته‌دا عه‌ره‌بانه‌ی ده‌ستیان پێبووه‌. له‌وسێ خنكاوه‌ تاوه‌كو ئێستا ته‌رمی یه‌كێكیان دۆزراوه‌ته‌وه‌.

## سه‌رۆكی لیژنه‌ی ئه‌منی پارێزگای موسڵ ماڵی ده‌گوازێته‌وه‌ بۆ دهۆك

**دهۆك: پ. هاولاتی:** لیوا سالم الحاج عیسی سه‌رۆكی لیژنه‌ی ئه‌منی شاری موسل كه‌ عه‌ره‌بێكی موسڵاویه‌ ماوه‌یه‌كه‌ له‌ ترسی هه‌ره‌شه‌ی چه‌كداره‌كانی شاری موسڵ وسه‌لامه‌تی ئه‌ندامانی خێزانه‌كه‌ی ناچاربووه‌ له‌ دهۆك نیشته‌جێ بێت. ناوبراو چه‌ندان جار رووبه‌رووی هه‌ره‌شه‌ بۆته‌وه‌ له‌لایه‌ن گرووپه‌ چه‌كداره‌كانه‌وه‌، له‌دوا جاردا به‌ مووشه‌ك هێرشیان كردووته‌ سه‌ر ماڵه‌كه‌یان له‌ موسڵ به‌ڵام هیچ زیانێكی نه‌بوو.

## ئه‌گه‌ره‌كانی تر..



مه‌ریوان وریا قانع ده‌ینوسێت

# دوێنێ‌و ئه‌مڕۆ ئیسلامی سیاسی

له‌نیوه‌ی یه‌كه‌می سه‌ده‌ی نۆزده‌هه‌مدا ئیمپراتۆریه‌تی عوسمانی كۆمه‌ڵێك ریفۆرم‌و گۆرانكاری یاسایی ده‌ستپێكرد كه‌ ئاڵوگۆڕێكی گه‌وره‌یان به‌سه‌ر ژیانی سیاسی‌و كۆمه‌ڵایه‌تی‌و كولتووریی ئیمپراتۆریه‌ته‌كه‌دا هێنا. فه‌رمانی گوڵخانه‌ی ساڵی ١٨٣٩، فه‌رمانی ١٨٥٦و دارشتنی ده‌ستوری ١٨٧٦ گرنگترین ئه‌و كارانه‌ بوون كه‌ ئه‌نجامدران.

ئه‌گه‌رچی ئه‌م ریفۆرمانه‌ زۆر بواری ژیانی ناو ئیمپراتۆریه‌ته‌كه‌ی گرتبووه‌وه‌، به‌ڵام خاڵی هه‌ره‌ سه‌ره‌كیان گۆڕین‌و ده‌ستكاریكردنی شوێن‌و جێی دین‌و شه‌ریعه‌ت بوو له‌ ژیانی سیاسی‌و كۆمه‌ڵایه‌تی‌و یاسایی ئه‌و سه‌رده‌مه‌دا. كه‌م كردنه‌وه‌وسنووردانان بۆ هه‌یمه‌نه‌ی یاسایی شه‌ریعه‌ت‌و به‌رهه‌مهێنان‌و سه‌پاندنی كۆمه‌ڵێك یاسای نوێ بوو كه‌به‌ده‌قه‌ دینییه‌كان‌و حوكمه‌كانی شه‌ریعه‌ت ناكۆك بوون. ئه‌م كاره‌ش هاوشان بوو به‌سه‌ندنه‌وه‌ی ده‌سه‌ڵاتی یاسایی له‌ پیاوانی ئاین‌و به‌خشینی به‌و نوخبه‌ یاساناسه‌ نوێیه‌ی له‌ناو ده‌زگا مۆدێرنه‌كانی ده‌وڵه‌تدا دروست‌و گه‌وره‌ بووبوون. ئه‌مه‌ش له‌ چه‌ندان سه‌ره‌وه‌ سنووردانان بوو بۆ ده‌سه‌ڵاتی پیاوانی ئاین‌و ده‌سه‌ڵاتی شه‌ریعه‌ت. له‌و ساته‌وه‌خته‌دا لۆژیكی ده‌وڵه‌ت له‌ لۆژیكی ده‌قه‌ ئاینییه‌كان جیاده‌بوه‌وه‌و له‌ زۆر دۆخیشدا ئه‌و لۆژیكه‌ ده‌وڵه‌تییه‌ ده‌چووه‌ شوێنی لۆژیكی شه‌ریعه‌ت. به‌مانایه‌كی دیكه‌ ئه‌و ریفۆرمانه‌ وایانكرد ئه‌وه‌ی ده‌ست نیشانی ماناو شوێن‌و مه‌قامی دین‌و شه‌ریعه‌ت ده‌كات چیدی پیاوانی ئاین‌و ئه‌حكامی ناو ده‌قه‌ دینییه‌كان نه‌بن، به‌ڵكو ده‌وڵه‌ت ئه‌و نوخبه‌ یاسایی‌و ئیدارییه‌ نوێیه‌بێت كه‌ پرۆسه‌ی تازه‌بوونه‌وه‌ی ئیمپراتۆریه‌ته‌كه‌ هێنابوویه‌كایه‌وه‌. كه‌م نه‌بوون ژماره‌ی ئه‌و یاسا تازانه‌ی كه‌ راسته‌وخۆ حوكمه‌ دینییه‌كانی شه‌ریعه‌تیان په‌كده‌خست‌و كۆمه‌ڵێك حوكمی سیاسی‌و كۆمه‌ڵایه‌تی نوێیان ده‌هێنایه‌ كایه‌وه‌.

له‌ ساڵی ١٨٤٠دا سزای به‌ردبارانكردنی زیناكه‌ر لابراو سزای ده‌ستبرینی دزیش هه‌ڵگیرا. له‌ ١٨٥٨دا ئه‌و حوكمه‌ دینییه‌ لابرا كه‌ هه‌ڵگه‌ڕانه‌وه‌ی له‌ دین وه‌ك تاوان ته‌ماشا ده‌كرد. له‌ ١٨٥٠دا یاسایه‌ك ده‌رچوو كه‌ شایه‌تی كه‌سێكی نا موسڵمان‌و شایه‌تی موسڵمانێكی به‌یه‌كدی یه‌كسان كرد. هه‌ر له‌و ساڵانه‌شدا یاسایه‌ك ده‌رچوو كه‌ غه‌یره‌ موسڵمانێكی دانیشتووی سه‌ر زه‌مینی عوسمانییه‌كانی وه‌ك هاولاتی‌و موسڵمانی ده‌ره‌وه‌ی خاكی عوسمانی وه‌ك بیانی ته‌ماشا ده‌كرد. ئه‌مه‌ش مانای ئه‌وه‌ی مه‌سیحی یان جوله‌كه‌یه‌كی ناو سنووری ئیمپراتۆریه‌ته‌كه‌ مافی زیاتر هه‌بووه‌و گرنگتربووه‌ تا موسڵمانێكی ده‌ره‌وه‌ی ئیمپراتۆریه‌ته‌كه‌. له‌ ١٨٨٠وه‌ غه‌یره‌ موسڵمانیش ده‌یانتوانی بن به‌ قازی‌و كاروباری موسڵمانانیش به‌رن به‌ڕێوه‌. له‌ ١٨٥٥یشدا جزیه‌ له‌سه‌ر ئه‌هلی زیمه‌ لابراو محه‌مه‌د عه‌بده‌ فره‌ ژنی حه‌رامكرد. كه‌سێكی وه‌ك مه‌دحه‌ت پاشا كه‌ ره‌شنووسی ده‌ستوری ئیمپراتۆریه‌ته‌كه‌ی له‌ كۆتاییه‌كانی سه‌ده‌كه‌دا نووسیوه‌، ئیسلامی وه‌ك دینی ره‌سمی ئیمپراتۆریه‌ته‌كه‌ لابرد.

جگه‌ له‌مانه‌ له‌گه‌ڵ دانانی ده‌ستووری ساڵی ١٨٧٦یشدا گۆڕانێكی هێجگار گرنگ له‌ كولتووری سیاسی ئیمپراتۆریه‌كه‌دا هاته‌كایه‌وه‌، ئه‌وانه‌ی كه‌ پێشتر وه‌ك"ره‌عیه‌تی سولتان ده‌ناسران، له‌و ده‌ستووره‌دا بوون به‌"هاولاتی". ئه‌م گۆڕانه‌ گرنگترین تازه‌بوونه‌وه‌یه‌كی سیاسی سه‌ده‌ی نۆزده‌هه‌می ئیمپراتۆریه‌تی عوسمانی بوو. ئه‌م گۆڕانه‌ش له‌ ئاستی یاساییدا كۆتایی به‌و نایه‌كسانییانه‌ هێنا كه‌ له‌سه‌ر بنه‌مای دین، موسڵمانی له‌ ناموسڵمان‌و پیاوانی دین‌و سولتان‌و شێخول ئیسلامی له‌ خه‌ڵكی عه‌وام‌و ره‌عیه‌ت جیاده‌كرده‌وه‌. به‌سه‌ریه‌كه‌وه‌ ئه‌م گۆڕانكارییانه‌ ورده‌ ورده‌ شوناسی دینی ئیمپراتۆریه‌ته‌كه‌یان ده‌گۆڕی به‌ شوناسێكی عه‌لمانی كه‌ تێیدا چه‌مكی هاولاتی‌و یه‌كسانی یاسایی‌و هاومافی ره‌گه‌زه‌ سه‌ره‌كییه‌كانی بوون.

ئه‌مڕۆ سه‌دو په‌نجا ساڵێك دوای ئه‌و گۆڕانانه‌ عێراق، كه‌ له‌و سه‌رده‌مه‌دا به‌شێك بوو له‌ ئیمپراتۆریه‌تی عوسمانی، له‌به‌رده‌م ئه‌گه‌ری به‌ ئیسلامیكردنه‌وه‌ی سیستمه‌ سیاسی‌و یاسایی‌و قه‌زاییه‌كه‌یدایه‌. له‌به‌رده‌می ئه‌وه‌دایه‌ شه‌ریعه‌ت ببێته‌ سه‌رچاوه‌یه‌كی سه‌ره‌كی یاسادانان‌و كۆڵه‌كه‌ی سه‌ره‌كی رێكخستنی ژیانی كۆمه‌ڵایه‌تی‌و كولتووری‌و تاكه‌كه‌سی. راسته‌ برێك له‌ هێزه‌ ئیسلامییه‌ به‌هێزه‌كانی ناو عێراق، چ سوننه‌و چ شیعه‌، زۆر به‌توندی پێ له‌سه‌ر مه‌سه‌له‌ی به‌ ئیسلامیكردنی ژیانی یاسایی‌و سیاسی‌و كۆمه‌ڵایه‌تی داناگرن. به‌ڵام له‌ یه‌كه‌مین فرسه‌تی ناو"ئه‌نجومه‌نی حوكمدا" یاسای ئه‌حوالی شه‌خسیان لابردو حوكمه‌كانی شه‌ریعه‌تیان خسته‌ شوێنی. دواتر ده‌سه‌ڵاتی پۆڵ برێمه‌رو فشارو نارەزایی به‌رده‌وامی ئافره‌تان ئه‌م بڕیاره‌ی پوچه‌ڵكرده‌وه‌.

له‌دوای هه‌ڵبژاردنه‌كانی ئه‌م دواییه‌وه‌ جارێكی دیكه‌ عێراق له‌به‌رده‌م ئه‌گه‌ری به‌ ئیسلامیكردنی سیسته‌مه‌ یاسایی‌و سیاسییه‌كه‌یدایه‌. به‌شێكی گه‌وره‌ی ئه‌و نوخبه‌ سیاسییه‌ تازه‌یه‌ی له‌دوای كه‌وتنی به‌عسه‌وه‌ له‌ عێراقدا دروستبووه‌ ئیسلامین، چ وه‌ك به‌رنامه‌و پرۆگرامی سیاسی‌و چ وه‌ك ئایدۆلۆژیای حیزبی‌و چ وه‌ك پێكهاته‌ی سایكۆلۆژی‌و عه‌قڵی سه‌ركردایه‌تییه‌كانیان. راسته‌ به‌عس له‌ناوه‌ڕاستی هه‌شتاكانه‌وه‌ تا ده‌هات رۆڵی ئایینی له‌ ژیانی سیاسی‌و كۆمه‌ڵایه‌تیدا به‌هێز ده‌كرد، به‌راده‌یه‌ك له‌ نه‌وه‌ده‌كاندا سه‌دام خۆی له‌ به‌رگی موجاهیدێكی دینیدا نمایش ده‌كردو"حه‌مله‌تی ئیمانی" به‌رده‌وامی ده‌كرده‌ سه‌ر ره‌هه‌نده‌ عه‌لمانییه‌كانی ژیانی كۆمه‌ڵایه‌تی‌و تاكه‌كه‌سی كۆمه‌ڵگای عێراقی. راسته‌ به‌عس به‌شێوه‌یه‌كی دیماگۆگیانه‌ دینی به‌كارده‌هێنا، به‌ڵام نوخبه‌ی باڵاده‌ستی به‌عسی نوخبه‌یه‌كی دینی نه‌بوو. به‌عس له‌ عه‌لمانیه‌ت په‌شیمان بووبووه‌وه‌ به‌ڵام سه‌دام ئایه‌توڵڵا نه‌بوو، ئه‌مڕۆ ئه‌و نوخبه‌ سیاسییه‌ دینییه‌ی دوای سه‌دام له‌ عێراقدا دروست بووه‌ سنووره‌كانی به‌كارهێنانی به‌عس بۆ دین تێده‌په‌ڕێنێت‌و كۆمه‌ڵگای عێراقی له‌به‌رده‌م واقیعێكی ته‌واو تازه‌دا داده‌نێت. ئه‌وه‌ی تا ئێستاش له‌م نوخبه‌ سیاسییه‌ نوێیه‌ بینراوه‌ به‌كارهێنانی ئاشكراو نائاشكرای دینه‌ بۆ مه‌رام‌و مه‌به‌ستی سیاسی. بێگومان هێزه‌كانی ئیسلامی سیاسی ناو عێراق له‌ یه‌ك جیاوازو فره‌ ده‌نگ‌و فره‌ به‌رنامه‌و فره‌ دیدن. له‌ نێوان سیستانی‌و موقته‌دا سه‌دردا جیاوازییه‌كی به‌رچاو هه‌یه‌، جه‌یشی محه‌مه‌دو حیزبی ئیسلامی جیاوازن، یه‌كگرتوو ئه‌نساری سوننه‌ لێكناچن. به‌ڵام ئه‌م راستییه‌ سادانه‌ له‌وه‌ ناگۆڕێت كه‌ له‌ ئه‌مڕۆی عێراقدا ئه‌گه‌ری تێكه‌ڵكردنێكی نادروستی دین‌و سیاسه‌ت به‌ڕاده‌یه‌كی گه‌وره‌یه‌ راسته‌وخۆ ده‌مانباته‌وه‌ بۆ قۆناغی به‌ر له‌ ریفۆرمه‌ یاساییه‌كانی ناو ئیمپراتۆریه‌تی عوسمانی له‌ سه‌ده‌ی نۆزده‌هه‌مدا.

كێشه‌ی ئیسلامی سیاسی له‌وه‌دایه‌ كه‌ هه‌ڵگری پرۆژه‌یه‌كی یۆتۆپییه‌، پشت ئه‌ستوور به‌هێزه‌ ره‌مزییه‌كه‌ی موقه‌ده‌سی دینی. ئه‌وه‌شی ئه‌م یۆتۆپیا ئیسلامییه‌ به‌ڕێوه‌ ده‌بات سیاسه‌ت نییه‌، به‌ڵكو ئه‌خلاقه‌. یۆتۆپیای هێزه‌ ئیسلامییه‌كان یۆتۆپیایه‌كی ئه‌خلاقییه‌ نه‌ك سیاسی. جیاوازی نێوان ئه‌خلاق‌و سیاسه‌تیش جیاوازییه‌كی گه‌وره‌یه‌. سیاسه‌ت سه‌رزه‌مینی سازش‌و رێككه‌وتن‌و دابه‌شبوون‌و ناكۆكبوونه‌، به‌ڵام ئه‌خلاق سه‌رزه‌مینی ده‌ستنیشانكردنی باش‌و خراپ، راست‌و هه‌ڵه‌و شیاوه‌ له‌ ناشیاو.

دانانی ئه‌خلاقیش له‌ شوێنی سیاسه‌ت مانای دانانی لۆژیكی دوولایه‌نه‌ی باش‌و خراپ، راست‌و هه‌ڵه‌و حه‌ڵاڵ‌و حه‌رامه‌ له‌ شوێنی لۆژیكی دیالۆگ ئامێزو سازشخوازو دانوسانی سیاسه‌ت. ئه‌م یۆتۆپیا ئه‌خلاقییه‌ واده‌كات یه‌كه‌مین شتێك هێزه‌ ئیسلامییه‌كانی عێراق په‌لاماری بده‌ن یاساكانی ئه‌حوالی شه‌خسی بێت به‌مه‌به‌ستی گۆڕینیان له‌ یاسای مه‌ده‌نییه‌وه‌ به‌ حوكمه‌كانی شه‌ریعه‌ت.

كێشه‌یه‌كی دیكه‌ی ئاینده‌ی عێراق كێشه‌ی هێزه‌ عه‌لمانییه‌كانی ئه‌و وڵاته‌یه‌. ئه‌م هێزانه‌ جگه‌ له‌وه‌ی له‌ هێزه‌ دینییه‌كان لاوازترن، له‌ هه‌مانكاتدا پارچه‌ پارچه‌و ناشێلگیرن. مه‌ترسی ئه‌وه‌ هه‌یه‌ له‌سه‌ر سه‌ره‌تا هه‌ره‌گرنگه‌كانی ژیان‌و كولتووری عه‌لمانیه‌ت سازشبكه‌ن. ئه‌گه‌ر نوخبه‌ی عه‌لمانی سه‌ده‌ی نۆزده‌هه‌می ئیمپراتۆریه‌تی عوسمانی ره‌هه‌نده‌ عه‌لمانییه‌كانی ژیانی كۆمه‌ڵایه‌تیان له‌ده‌ستی دین‌و حوكمی شه‌ریعه‌ت‌و ویستی پیاوانی ئاین ده‌رهێنابێت، ئه‌مڕۆ مه‌ترسی ئه‌وه‌ له‌ ئارادایه‌ نوخبه‌ی عه‌لمانی ئه‌م وڵاته‌ ئه‌و ره‌هه‌نده‌ عه‌لمانییانه‌ ته‌سلیم به‌ هێزه‌ دینییه‌كان بكاته‌وه‌. بۆیه‌ چه‌ند گرنگه‌ ده‌ستووری ئه‌مڕۆكه‌ی عێراق به‌ڕۆحێكی عه‌لمانیانه‌ بنووسرێته‌وه‌و سنوورێك بۆ ده‌ست درێژیكردنی دین بۆ سه‌ر ژیانی كۆمه‌ڵایه‌تی‌و سیاسی دابنێت، ئه‌وه‌نده‌ش گرنگه‌ رێ به‌ هێزه‌ ئیسلامییه‌كان نه‌درێت فشار بخه‌نه‌ سه‌ر ئازادییه‌ فه‌ردییه‌كان. بۆیه‌ به‌رگریكردن له‌ ساڵۆنێكی ئارایشتی ژنان، له‌ مه‌یخانه‌یه‌ك، له‌ هۆڵێكی سینه‌ما، له‌ كتێبێك ناكۆك به‌دین، له‌ ئافره‌تێك ئاماده‌نییه‌ قژی داپۆشێت هتد.... له‌و ئه‌ركه‌ گرنگانه‌ن كه‌ له‌ سه‌رشانی هه‌موو ئه‌و كه‌سانه‌یه‌ كه‌ نایانه‌وێت له‌و وڵاته‌دا بێحورمه‌تی به‌رامبه‌ر به‌ ژیان‌و به‌رامبه‌ر به‌ ئازادی ئینسان بكرێت.